ئەدەبیاتی کوردی لەئەرمەنستان

12ی ئەیلوول 2010 – هەینی – 21:45

ئامادەکار: تۆسنی رەشید

پێشگوتار:

ئەم وتارە هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبیاتی کوردییە لەیەکێتی سۆڤیەت کە لەچاپکردنی رۆژنامەی (رێیا تازە)، ساڵی 1930یەوە دەست پێدەکات و لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی 1991، کۆتایی دێت.

پێویستیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، هەروەك ئەو لێکۆڵینەوانەی کە تاکو ئێستا لەسەر ئەم بابەتە چاپکراون، باسی مێژووی ئەم ئەدەبیاتەیان کردووە، بەڵام بەچاوێکی رەخنەیی سەیری ئەو ئەدەبیاتەیان نەکردووەو کەموکورپییەکانیان باس نەکردووە.

ئێمە لەم وتارەدا، مێژووی بەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتی کوردی لەیەکێتی سۆڤیەتمان بەسەر سێ قۆناغدا دابەشکردووە“ قۆناغی یەکەم، ئەو کاتەی لەناو هەموو گوندێکی کوردنشیندا خوێندنگەی کوردی کرابوونەوە، لەڕێی ناوەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە هەموو بەتەمەنەکان فێری خوێندنی کوردی ببوون، رۆژنامەی کوردی چاپ دەبوون و ئەو کۆمارانەی کوردی لێ دەژیا، پشتگیریی بەرەوپێشچوونی زمان، کولتوورو ئەدەبی کوردییان دەکرد. ئەو قۆناغە کە

لەساڵی 1930یەوە دەست پێدەکات، تاکو ساڵی 1938ی خایاند. لەو قۆناغەدا، وێڕای کەموکوڕییەکانی ناوەڕۆك و زمان، بناغەی ئەدەبیاتی کوردی لەیەکێتی سۆڤیەت دانرا، ئاسەوارە ئەدەبییەکان جێگیر بوون، لەبواری زمانەوانییەوە هەنگاوی هێژاو بەنرخ هاویشترا.

قۆناغی دووەم، لەساڵی 1938ەوە تاکو مردنی ستالین، راستتروایە بڵێین هەتا ساڵی 1955ی خایاند، ئەو کاتەی چرای ژیانی کولتووری و ئەدەبی کوردەکان کوژابۆوە. لەو دۆخە دژوارەشدا هەل بۆ نڤیسکارە کوردەکان رەخسا چەند بەرهەمێکی خۆیان چاپ بکەن. لەساڵی 1955 بەدواوە، ئەدەبیاتی کوردی دەکەوێتە ناو قۆناغی ژیانەوە کە ئەمەش ناوی نوێ و شێوازی نووسینی نوێ لەگەڵ خۆیدا دێنێت، ئەو کاتەی ئەدەبیاتی کوردی خۆی لەدروشمی سیاسی و کاریگەریی ئەدەبیاتی دراوسێکانی رزگار دەکات.

بەڵام سەد مەخابن، دوای ساڵی 1938، لەئازەربایجان و تورکمەنستان هیچ بەرهەمێك بەزمانی کوردی چاپ نەبوو.

پەیڤە سەرەکییەکان:

ئەدەبیات، زمان، کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەرمەنستان، هەڵبەست، رۆمان، چیرۆك.

هەرچەندە کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەڕووی چەندایەتییەوە ژمارەیان کەم بوو، بەڵام دیسانیش رێککەوتن بۆ ئەوەی لەپێناوی بەرەوپێشچوونی زمان،

ئەدەبیات و کولتووری کوردی هەموو دەرفەتێك بقۆزنەوە، بەتایبەت لەبواری ئەدەبیاتدا هەنگاوی زۆر هێژا هاویشترا.

کاتێك گلەیی دێتە سەر ئەدەبیاتی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت، دەبێ بەر لەهەمووان کوردەکانی ئەرمەنستانمان لەبیر بێت، چونکە 80-90٪ی رووناکبیرە کوردەکانی سۆڤیەت لەو کۆمارەدا ژیاون. ئەم دیاردەیە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە" یەکەم هۆکار ئەوە بوو، لەئەرمەنستان تەڤگەری نەتەوەیی کوردەکان بەهێزبوو. دووەم هۆکاریش ئەوە بوو، حکومەتی کۆماری ئەرمەنستان پشتگیری کوردەکانی کردووە.

دوای ئەوەی لەئەرمەنستان حکومەتی سۆڤیەت لەکۆتایی ساڵی 1920 دامەزرا، بڕیاردرا هەموو کەمینەیەك بتوانێ بەزمانی خۆی بخوێنێت و قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە. ئەو کات ژمارەی کوردەکانی ئەرمەنستان 5.8 هەزار کەس بوو. بۆ ئەو مەبەستە لەسەر بنەمای پیتی ئەرمەنی، ئەلفو بێی کوردی دروستبوو، لەهاوینی ساڵی 1921 کتێبی فێربوونی زمانی کوردی بەناوی (شەمس) چاپکرا. یەکەم قوتابخانەی کوردی هەر لەو ساڵەدا لەسێویخانی ئەشتەرەك کرایەوە. مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیە (نووری پۆلاتۆڤاو ئەلیخان شاگینۆڤ) بوون. پێویستە بووترێ کە تاکۆتایی ساڵی 1920 تەنها ئەو دوو مامۆستایە کوردبوون. لەگوندە کوردنیشنەکان، 10 ئەرمەنی پەنابەر کە لەباکووری کوردستانەوە هاتبوون و زمانی کوردییان دەزانی، لەوێ مامۆستایەتییان دەکرد.

ساڵی 1922 لەتبیلیس ئەحمەدی میرزاو لازۆ (هاکۆب خازاریان) قوتابخانەی ئێوارانی کوردی دەکەنەوە. گەلێك رووناکبیرو سیاسەتمەداری کورد، قاناتی کوردۆ، چەرکەزی بەکۆ، سەمەند سابەندۆڤ، تیتال مورادۆڤ، هەمووی لەو قوتابخانەیە دەستیان بەخوێندن کردووە.

لەماوەی چەند ساڵدا لەهەموو گوندە کوردنشینەکانی ئەرمەنستان قوتابخانەی کوردی کرایەوە، پاشان بۆ کەسە بەتەمەنەکانیش ناوەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری کرانەوە.

ساڵی 1925 کۆنگرەی کوردەکانی پشکاڤکازی داوای لەحکومەتی ئەرمەنستان کرد ئەلف و بێی کوردی لەسەر بنەمای پیتی لاتین ئامادەبکرێت، چونکە ئەو ئەلف و بێیەی بەپیتی ئەرمەنی ئامادەکرابوو، لەگەلێك شوێن بەکار نەهات، تەنها لەئەرمەنستان و جۆرجیا کاری پێدەکرا.

ساڵی 1928 ئەو کارە لەلایەن (ئیساهاك مارۆگولۆڤ و ئەرەبی شەمۆ)وە کراو، لەساڵی 1930 ئەو ئەلف و بێیە لەئەرمەنستان و جۆرجیا بووبە رەسمی و گشت قوتابخانە کوردییەکان کاریان بەو ئەلف و بێیە کرد.

بۆ ئامادەکردنی مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی کوردی، ساڵی 1931 لەیەریڤان پەیمانگای پەروەردەی پشکاڤکازی کرایەوە. یەکەم بەڕێوەبەری پەیمانگەکە نڤیسکاری گەورەی کورد (ئەرەبی شەمۆ) بوو.

25ی ئاداری ساڵی 1930 دەستکرا بەچاپکردنی رۆژنامەی کوردی (رێیا تازە).

ئەم دەربازبوونانە لەژیانی کوردەکاندا بووە بناغەیەك بۆ پەیدابوونی ئەدەبیاتی کوردی لەیەکێتی سۆڤیەت.

هەرچەندە لەکتێبی (شەمس)دا چەند بەرهەمێکی ئەدەبیش هەبوون، بەڵام ئەدەبیاتی کوردی لەیەکێتی سۆڤیەت، بەچاپکردنی رۆژنامەی (رێیا تازە) دەستی پێکرد. نڤیسکارە کوردەکان یەکەم بەرهەمی خۆیان لەو رۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە، لەرێی ئەو رۆژنامەیەوە توانیان خوێنەر بۆخۆیان پەیدابکەن.

راستە، یەکەم بەرهەمی ئەدەبی بەزمانی کوردی، لەلایەن ئەرەبی شەمۆوە بەناوی (کۆچێکی درۆیین) لەساڵی 1931دا چاپ بووە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بڵێ بناغەی ئەدەبیاتی کوردی بەوەرگێڕان دانراوە.

لەو ساڵانەدا گەلێك بەرهەمی نڤیسکارە ئەرمەنییەکان وەرگێڕدراو چاپکرا کە مژاری سەرەکییان ژیانی کوردەکان بوو. لەساڵی 1931 هەتا 1937 نزیکەی 15 کتێب لەزمانی ئەرمەنی و روسییەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و چاپدەکرێت. وەرگێڕەکانی ئەو کتێبانە (هەجی جندی، ئەمینی ئەڤداڵ، جاسمی جەلیل، رووبێن درامپیان و قاچاغی مراد) بوون.

ئەو وەرگێڕانە بۆ لێهاتوویی بواری نووسین و پێشخستنی زمانی نووسین بوونە ئەزموونێکی باش.

ساڵی 1932 ئەمینی ئەڤداڵ بەناوی (ئافراندنی ئەولین) ئاڵماناخی نڤیسکارە کوردەکان چاپدەکات. بەرهەمەکانی یەکەم شاعیرە کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت

هەجی جندی، ئەمینی ئەڤدالٚ، ئەتاری شەرۆو چەند شاعیرێکی تر لەوێدا چاپکراون. لەو ئاڵماناخەدا وەرگێڕانی زمانی ئەرمەنیش هەبوو.

ئەو شیعرانە زۆربەیان پەسنی دەوڵەتی سۆڤیەت، سوپای سوورو سیستمی سۆسیالیزم بوون. هەروەها شیعری دژی داب و نەریتە کۆنەکانیش هەبوو.

زۆرجار بەوێژەی ساڵی 1930 وتراوە (وێژەی سێویخان). زۆربەی نڤیسکارە سەرەتاییەکان (هەجی جندی، ئەمینی ئەڤدالٚ، جەردۆی گەنجۆ، جاسمی جەلیل، ئووسڤێ بەکۆ و...) لەسێویخانە گەورە ببوون و لەوێش فێری خوێندن و نووسین ببوون. هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بەئەدەبیاتی کوردی کلاسیك و بەرهەمەکانی نڤیسکارانی ئەو سەردەمە، لەدەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت نەبوو.

ئەوان لەسێویخان زمانی کوردییان لەبیرکردبوو. دوای ئەوەی دەگەڕێنەوە ناو گەلەکەیان، سەرلەنوێ فێری زمانی کوردی دەبنەوەو باری پێشڤەچوونی زمان و کولتووری کوردی لەئەرمەنستان دەگرنە ئەستۆی خۆیان.

بەڵام لەو ساڵانەدا، لەناو کوردەکانی ئەرمەنستان خوێندەوار کەم بوو، ئەو خوێندەوارانەشی کە هەبوون، زۆربەیان لەناو سێویخانەکاندا گەورە ببوون، کوردییەکەیان ناتەواو و لاوازبوو، زمانەکەیان تێکشکابوو.

هەندێکیان لەبەر ویستی سەردەمەکە بوونە نڤیسکار، ئەگەر لەگۆڕەپانەکەدا نڤیسکاری کورد هەبوونایە، ئەوان دەست نەدەبرد بۆ پێنووس.

سەبارەت بەیەکەم قەڵەمبازی نڤیسکارە کوردەکانی ئەرمەنستان، ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی دەنووسێت:

ئەوانەی لەو بارەدا پێشەنگ بوون، زۆربەیان ئێزدی بوون و پەنابەری تورکیاو نەخوێندەوار بوون، لەو دۆخە کۆمەڵایەتییە نوێیە سوودمەند بوون. بەبێ ئەوەی کەمترین زانیارییان لەسەر کولتووری ئیسلامی هەبێت، بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بەدەستەبژێری رووناکبیری کوردەوە هەبووبێت، بەرهەمەکانیان زۆرجار ئایدیۆلۆژی بوو، بەڵام بەهونەری گەردوونی.

ئاڵماناخی دووەم لەساڵی 1934دا چاپ دەبێت. ژمارەی نڤیسکارەکان لەم بەرەڤۆکەدا زیادیکردبوو. وێڕای هەموو شاعیرەکان، چیرۆکنووسیشی تێدابوو.

ئاڵماناخی سێهەم لەساڵی 1936دا چاپ دەبێت. هەتا ساڵی 1948 ناوبەرێك دەدرێت و لە 1954 و 1957یشدا ئاڵماناخی نڤیسکارە کوردەکان چاپ دەبێت.

بەتایبەت لەنیوەی دەیەی 1930یەوە ژیانی ئەدەبی دەگەشێتەوە، چەند نڤیسکارێکی کورد دێنە گۆڕەپانەکەوە.

ساڵی 1935 ئەرەبی شەمۆ دوو کتێب چاپدەکات بەناوەکانی (شڤانێ کورمانجا)و (کوردێ ئەلەگەزێ). رۆمانی (شڤانێ کورمانجا) کە باس لەبەسەرهاتەکانی ژیانی خاوەنەکەی دەکات، وەك یەکەم رۆمانی کوردی دەناسرێت. ئەو رۆمانە بەوەرگێڕانی چەندین زمانی تریش چاپکراوە. ساڵی

1946 نورەدین زازا لەزمانی فەڕەنسییەوە وەریدەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و لەبەیروت چاپی دەکات. دواڕۆژ کوردەکانی باکوور چەند جارێك چاپی دەکەنەوە.

وەزیری نادری سالّی 1935 کتێبی شێران (نووبارع و پیییێسا رەڤیٚ ژنیٚ) چاپ دەکات.

ساڵەکانی 1934–1935 ئەو کتێبانە چاپ دەبن: هەجی جندی (دەرمانخانە پیییێس، ئەحمەدی میرزا (زمانیٚ چییاع پیییێس، ئەتاری شەرۆ (بەربانگا پێشن)، بەرڤۆکا شێرا).

لەپیییێسەکەی خۆیدا، ئا. میرازی یەکەمجار باس لەخەباتی رزگاری گەلی کورد لەتورکیا دەکات.

سالّی 1932 لەناو یەکێتی نڤیسکارانی ئەرمەنستاندا، لقی نڤیسکارە کوردەکان دەکرێتەوە، لەڕۆژی کرانەوەی هەتا سالّی 1966 هەجی جندی سەرۆکی ئەو لقە بوو. دوای هەجی جندی، کارلێنی چاچانی دەبێتە سەرۆکی لقەکەو هەتا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش هەر ئەو بوو.

شایەنی باسە، لەو ساڵانەدا وێڕای کوردەکان، رووبێن درامپیان و هۆڤاکیم مارگاریانی ئەرمەنی و ئیساهاك مارۆگوولۆڤی ئاسوری–یش بەرهەمەکانی خۆیان بەزمانی کوردی دەنووسی.

لەسالّی 1929 هەتا 1937 زیاتر لە 70 کتێب بەزمانی کوردی چاپ دەبن. لەمەش 20 کتێبی بۆ قوتابخانە کوردییەکان بوو.

سالی 1934 لەیەریڤان کۆنفرانسی کوردناسی کرا. هەندێك کوردناس لەکۆمارەکانی پشکاڤکازی و تورکمەنستان، کوردناسی مۆسکۆو لەنینگرادیش بەشداری کۆنفرانسەکە دەبوون. تەوەرەکانی ئەو کۆنفرانسە جگە لەچەندین پرسیار، لێکۆڵینەوە لەسەر فۆلکلۆری کوردی، پێشڤەچوونی ئەدەبیاتی کوردی و زمانی ئەدەبیی ستانداردی تێدا بوو.

لەو ساڵانەشدا بۆ پێشکەشکردن و چاپکردنی فۆلکلۆری کوردی، هەنگاوێکی مەزن نرا. با لێرەدا ئاماژە بەکتێبی (فۆلکلۆرا کورمانجا) بکەین کە لەلایەن هەجی جندی و ئەمینی ئەڤداڵەوە، سالی 1936 چاپکراوە. ئەو کتێبە پێکهاتووە لە 663 رووپەل و گەلێك چیرۆك و سترانی کوردیش لەخۆدەگرێت.

سالی 1930 لەئازەربایجانیش هەندێك دەرفەت بۆ پێشڤەچوونی زمان و کولتووری کورد هەبوو. لەسالی 1930 بۆ 1938 لەئازەربایجان نزیکەی 30 کتێبی کوردی چاپ دەبێت، زۆربەی ئەو کتێبانە بۆ قوتابخانەکان بوون. لەنڤیسکارە کوردەکانی ئازەربایجان لەو ساڵانەدا، مرۆڤ دەتوانێ ئاماژە بەمووسەیب ئاخوندۆڤ بکات.

لەتورکمەنستان، لەسالی 1930 هەتا 1938 تەنها شەش کتێبی دەرسی چاپکراون.

ئەو قۆناغە هەتا سالی 1938ی خایاند. رژێمی ستالین سالی 1937-38 قوتابخانە کوردییەکانی داخست، چاپکردنی رۆژنامەی (رێیا تازە)و کتێبە کوردییەکان بەگشتی راگیرا. گەلێك رووناکبیرو نڤیسکاری کوردی خستە زیندان و

دووری خستنەوە. لەوانەش ئەرەبی شەمۆ، هەجی جندی، ئەحمەدی میرازی، شامیر تەیمورۆڤ، چانگیر ئاخا...

جێگەی ئاماژەیە، بەرهەمەکانی ئەو ساڵانە بەگشتی دروشمی سیاسی بوون. یان دژی داب و نەریتی کۆن و سیستمی سەرمایەداری بوون، یانیش پەسنی یەکێتی سۆڤیەت و سیستمی سۆسیالیزمیان دەدا.

بەرهەمی نڤیسکارەکانی قۆناغی یەکەم هەمووی بەگوێرەی داخوازی سیاسەتی رۆژ بوون" هەروەك بڵێی بەگشتی لەسەر ئازادی و یەکسانی ژنان، زۆرداریی چینی سەردەست و نەهێشتنی داب و نەریتی کۆنیان دەنووسی. (ئەمینی ئەڤداڵ، ئەتاری شەرۆ، ئوسفی بەکۆ).

کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەرمەنی و روسی لەسەر ئەدەبیاتی کوردیی لەو ساڵانەدا زۆر بوو.

هەروەك تۆماس بۆس–یش ئاماژەی پێداوە، نڤیسکارەکانی قۆناغی یەکەم دەستیان بردووە بۆ چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، (زۆرجار بۆ کتێبە دەرسییەکان بووە). ئەوان ستران و چیرۆکی فۆلکلۆرییان ئامادەدەکردو ناوەڕۆکەکانیان هەندێك دەستکاری دەکرد (پرسی چینایەتییان تێکەڵ دەکرد) سەر لەنوێ لەگوتنی خۆیان دەیاننوسییەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەوان لەو کارەیاندا سەرکەوتوو نەبوون. ئەو چاکسازییەی ئەوان فەرامۆشکرا، بەڵام فۆلکلۆر دیسان وەکو خۆی پاقژو زەلال مایەوە.

مژاری بەرهەمەکانی ئەو ساڵانە، وەك تۆماس بۆس–یش باسی دەکات، ئەو ئازایەتی و یەکسانییەی ژنان، کۆتایی هێنان بەستەمکاری و دژایەتیکردنی بیروباوەڕی ئایینی و داب و نەریتە کۆنەکان بوو.

هەموو کتێبێك بەپەسنی لنین، ستالین، یەکێتی سۆڤیەت و مژاری لەمجۆرە دەستی پێدەکرد.

ت. ب. دەنووسێت: راستە کە بەرهەمی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت بەزمانی کوردین، بەڵام هەستی نەتەوایەتییان تێدا نییە. ئەگەر بۆ نڤیسکارە کوردەکانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت، نیشتمان (کوردستان) بووبێت، بەلای نڤیسکارە کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، گوندەکەی خۆیان، ئەرمەنستان و یەکێتی سۆڤیەت (نیشتمان) بوون.

بەگوێرەی تۆماس بۆس، لەهیچ شوێنێکی ئەم ئەدەبیاتەدا تووشی پەیڤی (کوردستان) یان (وڵاتی کوردان) نابیت.

بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تۆماس بۆس–دا نین، پەیڤی (کوردستان) لەو ساڵانەدا لەبەرهەمەکانی ئەرەبی شەمۆدا هەبوو. مامی جەمۆ دەنووسێت: پەیڤی کوردستان کە ئەرەبی شەمۆ لەدەیەی 1930، لەبەرهەمەکانی خۆیدا بەکاریدەهێنا، ئەمیش دوای گەڕانەوەی لەتاراوگە، بەکاریهێناوە.

پاشانیش مژارێکی پییێسا ئەحمەدی میرازی (زەمانێ چوویی) بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد بوو لەتورکیا.

گەلێك بەرهەمی نڤیسكارە كوردەكان بەوەرگێڕانی ئەرمەنی و روسی چاپ دەبن.

بەگوێرەی تۆماس بۆس، پەیڤی كوردستان و چاوان نیشتمان، لەهیچ شوێنێك بەرچاو ناكەوێت.

لەو ساڵانەدا بۆ كۆكردنەوەو چاپكردنی فۆلكلۆری كوردی هەنگاوی گرنگ نرا. با لێرەدا ئاماژەیەك بەكتێبـی (فۆلكلۆرا كورمانجا) بكەین كە لەلایەن هەجی جندی و ئەمینی ئەڤداڵ لەساڵی 1936دا چاپكراوە. ئەو كتێبە پێكهاتووە لە 663 رووپەل و گەلێك چیرۆك و سترانی كوردی لەخۆدەگرێت.

وێڕای هەموو كەموكورتییەكی زمان و ناوەڕۆكەكەی، لەگەڵ یەكەم نڤیسكارە كوردەكانی قۆناغی سەرەتا رێككەوتن لەبۆشاییەكدا بناغەی ئەدەبیاتی كوردی دابمەزرێنن و چەند بەرهەمێكی هێژا چاپ بكەن. لەڕووی زمانیشەوە هەنگاوی بەنرخ هاوێژرا.

لەئەرمەنستانیش كە لەچوارچێوەی كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤیەتدا مابۆوە، لەساڵەكانی كۆتایی رژێمی ستالین (1937–38) پێشڤەچوونی زمان و كولتووری كوردی راوەستا. قوتابخانە كوردییەكان، پەیمانگای پەروەردەیی، رۆژنامەی (رێیا تازە)، لقی نڤیسكارانی كورد لەیەكێتی نڤیسكارەكانی ئەرمەنستان، پڕۆگرامە كوردییەكانی رادیۆ، دەتوانین بڵێین هەموو شتێكی كوردی، جگە لەشانۆی كوردیی ئەلەگەزێ، هەمووی راگیرا. شانۆی كوردیش لەساڵی 1947دا راگیرا. چاپكردنی كتێب بەزمانی كوردی وەستێنرا. ئەلف و بێی كوردی بەپیتی لاتین، وەك ئەلف و بێی ئیمپرالیزم بەناوكرا. گەلێك

رووناکبیرو ناوداری کورد بەتۆمەتی بێ بنەما، دەستبەسەر کران و دوورخرانەوە“ ئەرەبی شەمۆ، هەجی جندی، جەردۆی گەنجۆ، ئەحمەدی میرازی، جانگیر ئاخا، شامل تەیمورۆڤ...

تاوانێکی دیکەی هەجی جندی ئەوە بوو کە جەلادەت بەدرخان نامەی بۆ ناردبوو.

دوای ساڵی 1938 چەند نڤیسکارێکی کورد (ئەمینی ئەڤدال، جاسمی جەلیل) بەرهەمەکانی خۆیان بەزمانی ئەرمەنی چاپکرد.

ساڵی 1941 حکومەتی ئەرمەنستان بڕیاریدا ئەلف و بێی کوردی لەسەر بنەمای پیتی کیریلی دابمەزرێنن. ئەو کارەشیان بەهەجی جندی ئەسپاردو ساڵی 1944 ئەو ئەلف و بێیە ئامادەبوو.

زوڵم و زۆرداری ساڵانی 1937-38 رێگەی لەبەردەم گەشەکردنی ئەدەبیاتی کوردی گرت، چەند نڤیسکارو رووناکبیری کوردیان زیندانیکردو ئاوارەی تاراوگەیان کردن، بەڵام دیسانیش لەگەڵ نڤیسکارە کوردەکانی ئەرمەنستان رێککەوتن کە دوو ئاڵماناخ چاپبکەن (1948، 1954)و چرای ئەدەبیاتی کوردی لەئەرمەنستان نەکووژێتەوە. هەجی جندیش کتێبێکی کورتەچیرۆك بەناوی (سبا تازە) (1947) و چەند بەرهەمێکی زانیاری بەزمانی کوردی چاپدەکات.

دوای ساڵی 1955، بەتایبەت دوای دەیەی 1950و سەرەتاکانی دەیەی 1960، رووپەلێکی نوێ لەدیرۆکی ئەدەبیاتی کوردیدا کرایەوە. ئەدەبیاتی کوردی خۆی لەکەموکورتییەکانی ساڵانی 1930-1940 رزگارکرد، بووبە

خاوەن ناوەڕۆکێکی فرەچەشن، خەمل و خێزێکی کوردایەتی وەرگرت. ئەدەبیاتی کوردی بەهەنگاوی گەورە بەرەوپێش چوو.

ساڵی 1955 گەلێك دامەزراوەی کوردی کرانەوە، کە لەسەردەمی دیکتاتۆریەتی ستالین داخرابوون" رۆژنامەی (رێیا تازە) سەر لەنوێ چاپکرایەوە، دیسان بەرنامەی کوردی لەسەر رادیۆ پەخشکرایەوە، لقی نڤیسکارانی کوردی سەر بەیەکێتی نڤیسکارانی ئەرمەنستان کە بەناو هێشتاش مابوو، گەشایەوە، ژمارەی ئەو کتێبانەی کە بەزمانی کوردی چاپ دەبوون، زیادی کرد.

بۆ ئامادەکردنی مامۆستایانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لەو ساڵەدا لەپەیمانگای پەروەردەیی ئەرمەنییەکان، بەشی کوردی کرایەوە.

ساڵی 1959 لەبەشی رۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانیاریی کۆماری ئەرمەنستان، بەشی کوردناسی کرایەوە، ساڵی 1968 بۆ راهێنانی کادری کوردناسی، لەکۆلێژی رۆژهەڵاتناسیی زانکۆی یەریڤان، بەشی کوردناسی کرایەوە.

وەزیری ئەشۆ لەنووسینێکیدا، ئەم گۆڕانکارییانە بەڕێنیسانس بەناو دەکات.

بەباوەڕی ئێمە، چەند فاکتەرێکی گرنگ لەم پێشڤەچوونەدا دەخیل بوون"

1-پاش مردنی ستالین و ئاشکراکردنی زوڵم و زۆری رژێمەکەی، ئازادی ئاخاوتن و بیرو باوەڕ زێدە بوو"

2-ئەگەر سەبارەت بەقۆناغی یەکەمی نڤیسکارە کوردەکان، دەتوانین بڵێین هەندێکیان بەپێی ویستی سەردەمەکە بوونە نڤیسکار، لەدەستپێکی دەیەی

1960 پۆلێك نڤیسكار هاتنە ناو ئەدەبیاتی كوردی، كە دەبوو ببن بەنڤیسكار، وەك بڵێی ئیرادەی خوایان لەگەڵدا بوو.

3–كوردناسەكانی لەنینگراد بەسەرۆكایەتی قاناتی كوردۆ، بەرهەمەكانی ئەو نڤیسكارە كوردانەیان وەرگێڕایە سەر زمانی روسی و چاپیان كرد: (ئەحمەدی خانی، فەقێ تەیران، هاریس بەدلیسی، سلێمان سەلیم و دیرۆكنووسی وەك شەرەف خانی بەدلیسی، خەسرەو خان بەنی ئەردەڵان، مەستوورەی ئەردەڵان، مەلا مەحمود بایەزید).

4–لەنێوان كوردەكانی یەكێتی سۆڤیەت و كوردەكانی دەرەوەی ئەو وڵاتە

لەنێوان كوردەكانی یەكێتی سۆڤیەت و كوردەكانی دەرەوەی ئەو وڵاتە، پردی پەیوەندی دروستبوو، ئەو پەردە ئاسنینە هەندێك لادرا. پاشان بەرهەمی نڤیسكارە كوردەكانی ئەو دەمەو، لەپێش هەموویاندا جگەرخوێن گەیشتە دەست كوردەكانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو.

كۆتایی دەیەی 1950و دەستپێكی دەیەی 1960 لەژیانی كوردەكانی یەكێتی سۆڤیەتدا، سەردەمی گۆڕانكاریی گەورەی ئابووری، رامیاری و كولتووری بوو، ژمارەی خوێندكارە كوردەكان لەزانكۆ گەلێك زێدە بوو.

ئەم وشیارییە هەستی نەتەوەیی بەهێزتركرد، مژاری كوردو كوردستان لەئەدەبیاتی ئێمەدا جێگەی گرت. ئەو مژارە بۆشایی ئەدەبیاتی كوردی پڕ كردەوە، نەفەسێكی تازەی خستەوە بەر ئەدەبیاتی كوردی. ئەگەر پێش ئەوە

شیعری کوردی پەسنی ژیانی پاشاو دەرەبگان بوو، پەسنی یەکێتی سۆڤیەت بوو، ئەمجارە بەرهەمی غەریبایەتی هاتنە گۆڕێ، حەسرەتی زێدی باوباپیران، حەسرەتی کوردستان شوێنی هێژای خۆی لەئەدەبیاتی کوردیدا دۆزیەوە.

ئەو گۆڕانکارییانە لەناوەڕۆکدا، هونەرمەندی و تەوەری نووسینی نوێی دەویست. نڤیسکارەکانی ئێمە ویستیان بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەرمەنی و روسی رزگاریان بێت. قاچاخی مراد، شکۆی حەسەن و فێریکی ئوسف بەرەو شیعری کلاسیك چوون، لەڕێی نۆژەنکردنەوەی شیعری کلاسیك، ویستیان رێگەیەکی نوێ بۆخۆیان بکەنەوە. دواتر عەگیدی شەمسی، رزالی رەشیدو عەسکەری بۆییك–یشیان هێنایە سەر ئەو رێگەیە. مکایلی رەشید فۆرم و شێوازی شیعری ئەوروپی هێنایە ناو ئەدەبیاتی کوردی. هەندێك شاعیری دوای ئەوان کە هاتن، پێویست بوو ریشەی خۆیان لەفۆلکلۆری کوردیدا ببیننەوەو لەسەر بناغەی لاوك و حەیران شیعری ئازاد بنووسن.

نڤیسکارە کوردەکان ویستیان وێژەی کوردی لەپەسن و وتەی بۆش رزگاربکەن، دەردو مەینەتی مرۆڤەکان و هەستەکانیان زیندوو بکەنەوەو تێکەڵ بەناوەڕۆکی بەرهەمەکانیانی بکەن.

ئەو گۆڕانکارییانە لەکۆتایی دەیەی 1950، لەبەرهەمەکانی قاچاخی مراد، میکایلی رەشید، سهیدی ئیبۆو سمۆی شەمۆدا دیاربوون، بەڵام لەدەستپێکی دەیەی 1960، بەرهەمەکانی فێریکی ئوسف و شکۆی حەسەن لەئەدەبیاتی کوردەکانی ئەرمەنستاندا بوونە باڵادەست.

لەو ساڵانەدا مرۆی ئەسەد، سەمەند سیاباندۆڤ و خەلیل مورادۆڤ–یش کتێبی شیعریان چاپکرد.

لەبواری پەخشانیشدا هەنگاوی هێژا هاوێژرا. ئەرەبی شەمۆ ڕۆمانەکانی (بەربانگ) (فراوانکردنی ڕۆمانی شڤانێ کورمانجا بوو)، (ژیانی بەختەوەران)، (هۆپۆ)و (دم–دم)ی چاپکرد، هەجی جندی ڕۆمانی (هەواری)، عەلی عەبدولڕەحمان چیرۆکی (خاتێ خانم)و ڕۆمانەکانی (گوندی مێرخاسان)و (شەڕی چیا)، سهیدی ئیبۆ ڕۆمانی (کوردی ڕێوی)، عەگیدی خودۆ ڕۆمانی (دێ و دێماری)یان چاپکرد.

پێویستە بووترێ لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا زۆربەی ئێزدییەکانی سەرحەد کوژران، لەکاتی هەڵاتن و ئاوارەییدا لەبرسا مردن، دواتر لەئەرمەنستان و سنووری حکومەتی سۆڤیەتدا گیرسانەوە. ئەو ڕووداوانە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر نووسینەکانی نڤیسکارەکانی قۆناغی یەکەم و دووەم، بوو بەمژاری بەرهەمەکانیان. هەر یەك لەو ڕۆمانانە (بەربانگ)، (هەواری)و (کوردی ڕێوی)، لەسەر بنەمای ئەو ڕووداوانە ئامادەکران.

هەرچەندە لەبواری ڕۆمانی کوردیشدا کاری باشکرا، بەڵام پەخشانی گەورە لەسەر بناغەی کورتە چیرۆك پێشکەوت. لەو ساڵانەدا سهیدی ئیبۆ، ئەمەریکی سەردار، وەزیری ئەشۆ، سیما سەمەند، خەلیل مورادۆڤ، میرۆی ئەسەد، ئەحمەدی هەپۆ، بابای کەلەش، عەسکەری بۆیك کتێبی کورتە چیرۆکیان چاپکرد کە پڕدەنگی و پڕڕەنگی مژارو شێوازی نووسینیان داهێنا.

دوای ساڵی 1955، بەتایبەت دوای دەیەی 1950و دەستپێکی دەیەی 1960، لەدیرۆکی ئەدەبیاتی کوردیدا رووپەلێکی نوێ کرایەوە. ئەدەبیاتی کوردی خۆی لەکەموکورتییەکانی دەیەی 1930 رزگارکرد، بووبە خاوەن ناوەڕۆکی هەمەڕەنگ، خەملێ و خێزێکی کوردایەتی وەرگرت. ئەدەبیاتی کوردی بەهەنگاوی گەورە بەرەوپێش چوو.

لەکۆتایی دەیەی 1980دا دەتوانین بڵێین ئەدەبیاتی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت، لەچوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەتدا ببووە خاوەنی زمانێکی (کەم تا زۆر) ستاندارد.

ئاسەواری وەرگێڕەکانی هەتا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش بایەخی خۆی هەر مابوو. دواتر هەجی جندی درێژەی بەو وەرگێڕانەدا. لەکۆتایی دەیەی 1960دا ئەمریکی سەردار، وەزیری ئەشۆ، عەگیدی خودۆ، فێریکی ئوسف و چەند نڤیسکارێکی تر بەوەرگێڕانەکانیان ئەدەبیاتی کوردییان دەوڵەمەندکرد.

رەخنەگەری بەشێکی سست و لاوازی ئەدەبیاتی کوردی بوو. زۆرجار لەجیاتی رەخنە، لێکۆڵینەوەی دیرۆکی لەئەدەبیاتدا جێگەی دەگرت. هەجی جندی لەساڵانی 1954و 1970 دوو کتێبـی لەسەر ئەدەبیاتی کوردەکانی ئەرمەنستان بەزمانی ئەرمەنی چاپکرد. ئۆردیخانی جەلیل پێشگوتارێکی بۆ دیوانی شیعری جگەرخوێن نووسی. دەیەی 1980 کنیازی ئیبراهیم لێکۆڵینەوەیەکی بەزمانی ئازەری چاپکرد لەسەر پەیوەندیی ئەدەبیاتی کوردی و ئەدەبیاتی ئازەری، بەڵام ئەو بەرهەمانە رەخنەیان تێدا نەبوو. هەروەك تۆماس

بۆس-یش دەنووسێت، کاتێك گلەیی دێتە سەر (رەخنە) لەئەدەبیاتی کوردەکانی ئەرمەنستاندا، دەبێ بەر لەهەموو شت باس لەئەمریکی سەردار بکرێت کە لەئەرمەنستان، لەو قۆناغەدا کارێکی هێژای کردووە. زۆربەی وتارە رەخنەئامێزەکانی لەڕۆژنامەی (رێیا تازە)دا بڵاودەبوونەوە، هەروەها وتارەکانی لە گۆڤارو رۆژنامە ئەرمەنییەکانیشدا بڵاوبوونەتەوە.

لەو ساڵانەی دواییدا چەرکەزی رەش-یش لە (رێیا تازە)دا چەند وتارێکی رەخنەیی بڵاوکردەوە.

دوای سەرلەنوێ کرانەوەی بەرنامە کوردییەکانی رادیۆ یەریڤان، چەند بەرنامەی تری رادیۆیی نووسران و بڵاوکرانەوە.

ساڵی 1970 لەشاری تبیلیسی و لەگوندی ئەلەگەزێ (ئەرمەنستان) شانۆی کوردی کرایەوە، چەند سیناریۆیەك بۆ ئەو شانۆیانە ئامادەکران. پاشان هەندێك لەو سیناریۆیانە کران بەکتێب و چاپکران" ئیسماعیلی دووکۆ (زەواجی بێ دڵ)، عەسکەری بۆیك (سنجۆ کچەکەی بەشوو دەدات)و (مەم و زین)، تۆسنی رەشید (سیامەند و خەجێ).

ساڵانی 1970-80 لەجۆرجیاش ژیانی کولتووری کوردەکان گەشایەوە. عەزیزی ئیسکۆ، جەردۆی گەنجۆ، باخچۆی ئیسکۆ، تهاری برۆو چەند کەسی تر، لقی نڤیسکارانی کوردی یەکێتی نڤیسکارانی جۆرجیایان دامەزراند، بەڵام دیسانیش بەرهەمەکانی خۆیان هەر لەیەریڤان چاپدەکرد. چەند بەرهەمێکیان بەوەرگێڕانی جۆرجی و روسی-ش چاپکرا.

پاش ساڵی 1938 لەئازەربایجان و تورکمەنستان، هیچ بەرهەمێك بەکوردی چاپ نەبوو، لەسەرژمێریدا کوردەکانیان وەك ئازەری و تورکمان تۆمارکرد، تەنانەت پەیڤی کوردیش قەدەغەکرا.

سەرلەنوێ گەشانەوەی ژیانی کولتووری کوردەکان لەساڵی 1955، بازدانێکی نوێ بوو بۆ ئەدەبیاتی کوردی. ئەو ئەدەبیاتە، بە هاتنی ناوی نوێ توانی خۆی لەدروشمە سیاسییەکان، پەسنی پڕوپووچ و کاریگەریی ئەدەبیاتی دراوسێکان رزگاربکات. لەگەڵ گۆڕانکاریی ناوەڕۆك، شێوازی نووسینی نوێ دەرکەوت. لەنێوان نڤیسکارانی کوردی یەکێتی سۆڤیەت و ئەوانەی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتدا، پەیوەندی دروستبوو. ئەدەبیاتی کوردیی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت بەرەو ئەدەبیاتێکی کوردیی گشتی چوو.

بۆ نرخاندنی ئەدەبیاتی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت، تێبینییەکانی کوردناس (مارتن ڤان برونەسەن) زۆر باڵکێشن. ئەو کوردناسە، سەبارەت بەو پشکووتنەی ئەدەبیاتی کوردەکانی باکوور لەساڵی 1980دا، دەنووسێت: (سەرلەنوێ پشکووتنەوەی نووسین و چاپەمەنی کوردی لەکۆتایی دەیەی 1980دا، فاکتەرێکی تریشی هەبوو، ئەویش کاریگەریی پەیوەندییە بەردەوامەکانیان بوو لەگەڵ کوردەکانی سۆڤیەت. هەرە دواییش، بەتایبەت لەئەرمەنستان توانیان بناغەی چاپکردنی ئەدەبیاتێکی جێگیر دابمەزرێنن. لەدوای ستالینیزمەوە، کوردەکانی ئەرمەنستان (کە لەوێ کەمە نەتەوەیەك بوون، ژمارەیان نزیکەی (50,000) بوو) مافی کولتووری گەورەیان بەدەستهێنا).

لەدرێژەدا دەنووسێت: (ئەدەبیاتی کوردی و ژیانی کولتووری کوردەکان، بەگشتی گەشایەوە کە لەنێوان سێ قۆناغی (دیاسپۆرا) بەربڵاویدا بوو" تورکیای رۆژئاوا، یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ئەورووپای رۆژئاوا).

دەرەنجام:

ئەدەبیاتی کوردی لەیەکێتی سۆڤیەت، بەڕێگەیەکی دژواردا دەربازبووە.

تێبینی:

لەبەرئەوەی سەرچاوەکانی ئەم بابەتە ژمارەیان یەکجار زۆر بوو، هەروەها بەچەندین زمانی جیا هاتبوون، بەپێویستمان نەزانی ئاماژە بەو سەرچاوانە بکەین و تەنها دەقی بابەتەکە وەکو خۆی وەرگێڕدراوەتە سەر زاراوەی سۆرانی.

سەردار جەعفەر